## بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان
## بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان
## پەسەند کراوی کۆنگرەی گشتی یارسان لە نورویێژ، ئۆسلوو، 10-2007/03/11

### سەرەتا

لە بەر نەبوونی دەسەلاتی خەڵکی، بنەمایترین ماف و ئازادییە ئینسانیەکانی هاوولاتیان لە کۆمەڵدا، بەربەست، پێشیل و بە گشتی لە ژێر پێ دەنرێ. لە کۆمەڵگایەکی وەهادا، بنەمای ڕێز دانان بۆ جیاوازیەکانی کومەڵگا، بنەمای یەکسانی و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە لە بۆ پێوەندی دڵخواستی مرۆڤەکان لە پێش چاو ناگیردرێ.

کۆمەڵگای ئینسانی وێرای تایبەتمەندی ناسنامەی دیاری خۆیان، هەرکامە بەشێکن لە وێنە و پەیکەری کۆمەڵی مرۆڤایەتی، کە بە لە ناوبردنی هەر یەك لەو بەشانە، مافی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی پێشیل دەکرێ. هەوڵدان بۆ لە ناوبردن یان وەلا نانی هەر پێکهاتەیکی کۆمەڵی مرۆڤایەتی بشێوی و نائارامی بە دواوەیە.

میکانیزمی پێشیل کردنی ماف، وێرای کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکان و بە هەند نەگرتنی بناخەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانە، دەبێتە هۆی پەیدا بوونی سەر هەڵدان، خەبات و ڕاپەرین بۆ لە ناوبردنی جیاوازی و وەدەستهێنانی ئەداڵەتی کۆمەلایەتی.

### ناسنامەی نەتەوەیی

زۆربەی کۆمەڵگای یارسان پێک دێن لە کوردەکانی دیوی ئێران کە بەشی هەرە زۆریان دانیشتووی پارێزگای کرماشانانن. دەرسەدێکی بەرچاو یارسانی لە نێو نەتەوەکانی تری ئێراندا هەیە. جێگای باسە یارسانیەکان بە ناوی ئەهلی حەق ناو دەبرێن. جگە لە ئێران زۆرترین کوردی یارسانی لە کوردستانی عێراق دەژین کە لەوێ بە کاکەیی بە ناوبانگن. دەبێ جەختت لە سەر ئەو ڕاستیە بکەین کە یارسانیەکان بەشێکن لە گەلی کورد کە چارەنووسیان پێکەوە گرێ دراوە. تاکوو ئێستا حەشیمەتی یارسانیەکان بە شێوەیەکی ڕاست و درووست لە لایەن هیچ دەوڵەتێکەوە ڕانەگەیندراوە.

### پێڕەوانی ئایینی

خەڵکی یارسان لە بواری ئایینیەوە پێڕەوی ئایینی یارییِن. ئایینی یاری لە نزیکەی سەدەی سێزدەی زایینی لە هەورامانی ناوچەی کرماشانان لە سەر بناخەی پەیمانێك لە ژێر نێوی بیاوبەسی پردیوەری (پەیمانی پردیوەری) لە لایەن سولتان سەهاك و هاورێیەکانیەوە ڕێک خرا و بە شێوەی نوسراو بە ڕەسمی دامەزرا.

سەرەرای پەیوەندی ئایینی، خەڵکی یارسان خاوەن پێوەندی فەرهەنگی و کۆمەلایەتین لە گەڵ دراوسێکانیاندا و توانیویانە لە کەش و هەوایەکی دوور لە تێکهەڵچوون لە کناری یەکترە بۆنە و موناسبەتەکانی خۆیان لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگیدا بپارێزن. هاوبەشی فەرهەنگی، زمان و زاراوەی هاوبەش و هەر وەها مێژوو و بە سەرهاتی وەک یەک ڕۆڵی بنەڕەتی و گرینگی گێراوە لەو پێکەوە ژیانەدا.

### هەلوومەرجی سیاسی و کۆمەلایەتی یارسان

کۆمەڵگایَ یارسان یەکێکە لەو کۆمەلانەی کە لە تەواوی بوارەکانی ژیاندا هەستی بە بەش خوراوی و بێ مافی کردووە. مێژووی هەبوونی یارسان نیشانەی بەربەرەکانیەکی نابەرابەرە بۆ پاراستنی خۆی و

بناخەی هەویەتەکەی. زۆڵم و زۆری ئاینی لە سەر زۆڵم و زۆری نەتەوەیی، جیاوازی لە ماف و بێ بەش بوون لە قازانج و توانایی هاوبەشی کۆمەڵ، بووتە هۆی ناکامی و بێ باوەڕی توانایەکانی تاک و سەرجەم کۆمەڵی یارسان. ئەورۆ ناوچەی یارسان‌نشین لە تەواوی بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا لە بێ بەشترین ناوچەی کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە.

بێ ئاگابوون لە ئازادی کردەوە و نەبوونی ئامرازی گەشە و لێکووڵینەوەی زانستی لە سەر مێژوو و فەلسەفەی باوەڕی ئایینی یاری، ناسنامە و مانەوەی ئەم ئاینە و کۆمەڵگا خستووەتە بەر هەڕەشەی جیدی بۆ لە ناو بردنی. ئەوەی کە ئەورۆ خەڵک بە گشتی لە سەر ئاییینی یاری دەیزانن، زانیاریەکی گەڵێک ناتەواوە کە وەڵامدەری پێویستیەکانی ئەم کۆمەڵگایە نیە. بێگومان لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا ئەم میراتە نەتەوەیی و پڕ بایەخە دەفەوتێ، کە خاونی تایبەتمەندی فەلسەفی، مێژووی، بۆمی و فەرهەنگی تایبەت بە خۆی هەیە.

شۆڕشی 1357 و ئاڵوگۆڕ لە پێکهاتەی سیاسی و هاتنە سەر کاری دەسەڵاتی دینی لە ئێران، لە گەڵ زۆر نارەزایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرەو ڕوو بوەوە. بێ بەندو و باری پاوانخوازی سیاسی بووە هۆی نائەمنی لە کۆمەڵگادا. ئەو کۆمەڵە ئاڵوگۆڕە وایکرد کە باروودۆخی ژیان لە ئێران نەك تەنها بۆ ڕێکخراوە سیاسی و جودابیرانی کۆمەڵ کە خاوەنی بیرووڕای جیا لە دام و دەستگای حاکمیەت بوون، بەڵکو بۆ زۆرێکیتر لە چینەکانی کۆمەڵ بە تایبەت کەمایەتیە ئایینیەکان دژوارو نەگونجاو بێ. لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا زۆرێک لە خەڵک ناچاربوون وڵات بەجێ بێڵن و ئاوارەی هەندەران بن. خەڵکی یارسانیش لەو دەستە کەمایەتیە ئایینیانە بوون کە بوونە قوربانی ئەم ئاڵوگۆڕە و توانیان بەرگەی زۆر زیانی گەورە بگرن. ئەورۆ بە هەزاران کەس لەوان لە وڵاتانی ئۆروپایی و لە شوێنەکانی دیکەی دونیا پەرتەوازەن.

هەلومەرجی سەخت و نایەکسان زاڵ بە سەر کۆمەڵگای یارسانی لە نێو خۆی وڵات لە لایەك و ئەگەری ئاڵوگۆری سیاسی لە ئێران بە تایبەتی لە ناوچەی یارسانی‌نشین، یارسانیانی دەرەوەی وڵاتی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە لە ڕێگای ڕێکخراوێکەوە، ڕێزەکانی خۆیان ڕێك بخەن و لەو ڕێگایەوە بۆ دابینکردنی مافەکانیان هێز و توانای خۆیان وەگرخا بۆ بەرەرووبوونەوە لە گەڵ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی سیاسی و هەر ئەگەرێک لە داهاتوودا.

## ئامرازی تەشکیلاتی

خەڵکی یارسان لە هەر دەرفەتێکی زەمانی گونجاودا لە مەڕ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی نالەبار لە نێو کۆمەڵگای ئێران بێزاری خۆیان دەربڕیوە و بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی حاکم لە سەر خۆیان ئامادە بووە قوربانیش بدات. لە دەرەوەی وڵات ساڵانێکە، ئەنجوومەنە فەرهەنگیەکانی یارسان خەریکی تێکۆشانن و لە هەمان کاتدا بیریان لە دامەزراندنی ئامرازێکی سیاسی کردۆتەوە کە بتوانێ پارێزگاری لە مافی یارسانیەکان بکات. چەندین مانگە بەکردەوە جوورە جمووجولێکی جیدی بۆ ئەم مەبەستە دەستی پێ کردووەو لە چوارچێوەی کۆبوونەوەی هوزوری و لە ژووری ئینترنیتی و لە ڕێگای بڵاوکردنەوی بابەت و ئاگاداری، هەوڵی دراوە.

لە ڕاستیدا کۆمەڵگای یارسان تاکوو ئێستا بە کردەوە لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی سیاسی لەم چەشنەدا توانایی خۆی تاقی نەکردۆتەوە. لایەنەکانی پشتیوانی خەڵکانێک کە پێویستە ببنە بەشێک لە ئەم ڕەوتە جارێ لە ئەرکی خوێان ئاگادارنین. لە بەر ئەوە دەبێ کار و تێکۆشانی "ڕێکخراوەکە" هاوتا بێ لە گەڵ هێزو توانایی و زەرفیەتی ئەوان، کار و ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە لە کۆنگرەی ساڵانەدا تاوتوو دەکرێ و دەخرێتە بەر باس و پێداچوونەوەو بە پێ پێویست ئاڵوگۆر لە ساختەرەکەیدا درووست دەبێ. بۆ ئەو مەبەستە ئامانجەکانی ئەم گەڵالەیە زۆرتر لە ڕێگای بابەتی یاسایی کۆمەڵگای یارسانەوە دابین کراوە.

ئەو کۆمەڵگایانە کە خاوەنی بیروورا و زەوقی جۆراوجۆرن، ئاگاداری قازانجی هاوبەشی خۆیانن، ئامانجەکانی خۆیان دەناسن و پێکەوە بۆ سەرخستنیان تێدەکۆشن، کۆمەڵگایەکن ڕوو لە گەشە و سەربەستە. داخوازییەکانی خەڵکی یارسان بەشێکن لە مافە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، کە واتە چی مرۆڤی ئازاد ئەندیشە و پابەند بە ئازادی و ڕێزی مرۆڤ، دەتوانن بە پشتیوانی لە دامەزراندنی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان، تێکۆشانی خۆیان دەست پێ بکەن.

## بەرنامەی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان

### مادەی 1. هەدەفەکان

1. بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان پابەندە بە جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ.
2. لابردنی زوڵم و زۆری نەتەوەیی و پشتیوانی بە کردەوە لە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلان.
3. لابردنی زوڵم و زۆری ئایینی لە سەر کۆمەڵگای یارسان.
4. پارێزگاری لە بناخەی جیایی دین لە دەوڵەت و جێ خستنی ئاین وەك ئەمری تاکە کەسی.
5. خەبات لە دژی هەر چەشنە فەرق و جیاوزی بە هوی داشتنی بیر و باوەڕی جیاواز (نەتەوەیی، جنسی، ئایینی، ڕەگەزی، ئەقیدەتی، ... هتد) لە کۆمەڵگادا.
6. پارێزگاری لە مافی ئازادی ئەندیشە و دەربڕین.
7. پارێزگاری لە مافی پەنابەری.
8. مەحکووم کردنی فەرهەنگی توندوتیژی، داسەپاندن، تروور، ، و سزای ئیعدام.
9. هەوڵدان بۆ لابردنی فەرهەنگی پیاوسالاری و لە بەر چاوگرتنی مافی یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا.
10. گرینگی و گەشەدان بە زمانی دایکی و ئامۆزشی زمان بە پێ زاراوەی تایبەت.
11. وەرگرتنی پشتیوانی جیهانی بۆ داخوازیە یاسایەکانی کۆمەڵگای یارسان، بە پێ جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ و پەیمانە نێودەوڵەتیەکان.
12. ناساندنی ناسنامەیی کۆمەڵگای یارسان و نیشاندانی ئایینی یاری وەك ئایینێکی سەربەخۆ.
13. هەوڵدان بۆ گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا.
14. دامەزراندنی ناوەندێکی زانستی/ لێکوڵینەوە بە مەبەستی تاوتوو کردن و پاراستن و چاپکردنی بەرهەم و ئەدەبیاتی یارسان.
15. هەوڵدان بۆ ئامادە کردنی بۆرسی خوێندن بۆ لاوانی یارسان لە زانکوە جۆراوجۆرەکانی دەرەوەی وڵات.
16. پەرەپێدانی فەرهەنگی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە و زیاد کردنی پێوەندی دۆستانە لە گەڵ گەلان و چینە کۆمەلایەتیەکان لە سەر بنەمای ڕێز گرتن لە مافی دوولایانە.
17. پێوەندی و هاوکاری لە گەڵ هێزە پێشکەوتووەکان بۆ دابین کردن و پێش خستنی پرنسیپەکانی دیمۆکراسی لە کۆمەڵدا.

## پەێرەوی نێوخۆی بزووتنەوەی جمشتێ دێموکراتیکێ یارسان

### ماددەی 1. ناو و ناسنامەی ڕێکخراو

1. ناوی ڕێکخراوەکە دەبێتە بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان (جدی)، (بە کوردی گورانی، جونبشێ دموکراتیکێ یارسان). نێوی ڕێکخراوەکە بە ئینگلیزی دەبێتە .Yarsan Democratic Movement (YDM)
2. بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان ڕێکخراوێکی سەربەخۆیە بە ساختارێکی دیمۆکراتیک.

### مادەی 2. ئەندامیەتی

1. هەموو کەسێك بە تەمەن لە سەر 16 ساڵ بێ و بەرنامە و پێرەوی نێوخۆی ڕێکخراوەکە پەسەند

بکات، پابەند بێ بە پێڕەوی نێوەڕووکەکەی بێت، داوای ئەندامیەتی بە شێوەی نووسراوە بکات و لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەریوە پەسەند بکرێت، دەتوانێت ببێتە ئەندامی.

### مادەی 3. ئەرکەکانی ئەندام

1. هەولدان بۆ وەدیهێنانی ئامانج و ئارمانەکانی ڕێکخراوەکە.
2. پاپەند بوون بە بنەما و نەزمی تەشکیلاتی.
3. هەوڵدان بۆ پاراستنی یەکیەتی کۆمەڵگەی پارسان.
4. دانی حەقی ئەندامیەتی ساڵانە بە ڕێژەی 50 Euro.

تێبینی1. پەناخوازان، خوێندکاران و کەسانی نێوان 16 تا 18 ساڵ 50% حەقی ئەندامیەتی ساڵانە دەدەن.

### مادەی 4. مافەکانی ئەندام

1. مافی بەشداری لە کۆنگرە.
2. مافی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن.

تێبینی 1. کەسانێك دەتوانن ببنە ئەندامی ئۆرگانەکانی ڕێبەری کە تەمەنیان لە سەرەوەی 18 ساڵ بێت.

3. مافی دانی پێشنیارو ڕەخنە.
4. ئەندامانی ڕێکخراوەکە لە مافی یەکسان بەهرەمەندن.

### مادەی 5. وەرگرتنەوەی ئەندامیەتی

1. ئەو ئەندامانە کە ڕێوشوێن و پێڕەوی ڕێکخراوەکە پێشیل بکات و یان بە هەر شێوەیەك بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ڕێکخراو هەڵسووکەوت بکات، پاش سەرکۆنە بەدەم، سەرکۆنەیەك بە نووسراوە دەکەونە بەر لێپرسینەوەی ڕێکخراوی وەکوو هەڵپەساردنی کاتی ئەندامیەتی، ئەستاندنەوەی لێپرساویەتی تەشکیلاتی و پاشان دەر کردن.
2. داواکاری بۆ بەڕێوە بردنی سەرکۆنە کردن لە لایەن دەستەی بەڕێوەبرییەوە ئامادە دەکرێ و بە مەبەستی بڕیاری کۆتایی پێشکەش بە کۆمیتەی ناوەندی دەکرێت.
3. ڕێکخراو ئەو مافەی هەیە کە لە کاتی پێویستدا بە دواچوونی یاسایی و لە ڕێگای ناوەندە پێوەندیدارەکانەوە لە سەر تاوانباران تومار بکات.
4. ئەرك و دەسەڵات و ئیمتیازەکان لەو کەسانە وەردەگیرنەوە کە دەر کراون.

### مادەی 6. ئورگانەکانی تەشکیلاتی

1. ئورگانە سەرەکییەکانی تەشکیلات پێکهاتووە لە کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی و دەستەی بەڕێوەبەری.
2. کۆمسیونە جۆراوجۆرەکان، کۆمیتەکانی یەکەی وڵات و شار بەشێکی دیکە لە ئورگانەکانی پەیوەندیدارن کە، لە ژێر چاوەدێری و پەسەندی دەستەی بەڕێوەبەریی دادەمەزرێن.

### مادەی 7. کۆنگرە

1. کونگرە بەرزترین ئۆرگانی ڕێکخراوە، و لەو کەسانەی کە لە نێوان مەودای دوو کۆنگرەدا ئەندام بوونە، پێکدێت.
2. کۆنگرە یەك ساڵ جارێك دەبەسترێ.
3. کۆنگرە بە بەشداری 2/3 ئەندامان دەنگی متمانە وەردەگرێت.
4. پێشنیارەکان بە وەرگرتنی نیو+1ی ئەندامانی کۆنگرە پەسەند دەکرێت.

5. ئەندامانی کۆنگرە دیوانی سەرۆکایەتی کۆنگرە هەڵدەبژێرن.
6. کۆنگرەی نائاسایی لە سەر داوای 2/3 دەستەی بەڕێوەبەری، 2/3 کۆمیتەی ناوەندی یان 2/3 ئەندامانی هەمیشەیی دەبەسترێ.
7. ڕێکخستن، دیاریکردنی کات و شوێنی بەڕێوەبردنی کۆنگرە لە دەسەڵاتی دەستەی بەڕێوەبەری دایە.
8. بۆ بەڕێوەبردنی کۆنگرە پێویستە ئەندامان 2 مانگ پێشتر ئاگادار کراونەوە.

## مادەی 8. ئەرك و دەسەڵاتی کۆنگرە

1. پەسەند کردنی یەکەمین بەرنامە و پێرەوی نیۆخۆ و ئەنجامدانی گۆڕانکاری و پەسەند کراوی نوێ لە کۆنگرەکانی دواتردا.
2. هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازاد و دیمۆکراتیک.
3. دیاریکردنی کۆمیتەیەکی 5 کەسی بۆ هەڵبژاردن.
4. دیاریکردنی دەستەیەکی 3 کەسی بۆ تاوتوویی کردنیماڵی و دارایی.
5. بەڕێوەبردنی کۆنفرانسی ساڵانە پێش لە کۆنگرە.

## مادەی 9. کۆنفرانسی ساڵانە

1. کۆنفرانس ساڵیک 1 جار بە بەشداری کۆمیتەی ناوەندی، دەستەی بەڕێوەبەری، نوێنەرانی ئەنجوومەنەکانی یەکەی وولات و شار، نوێنەرانی کۆمیتەکان و کۆمیسیونە جۆراوجۆرەکان دەبەسرێت.
2. بەرپرسایەتی ئەم کۆبوونەوانە دەکەونە سەر شانی وتەبێژ، 2 کەس لە ئەندامی کۆمیتەکان و 2 کەس لە یەکەکانی وولات.

## مادەی 10. ئەرك و دەسەڵاتەکانی کۆنفرانس

1. تاوتوویی کردنی چالاکی ساڵانەی کۆمیتەکان، کۆمسیونەکان، و یەکەکانی وولات و شاری، هەروەهاش تاوتوویی کردنی لەمپەڕ و کێشەکانی سەر ڕێگا.
2. دانی پێشنیار و ئاسانکاری لە بار بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان و بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی ڕێکخراو و ئۆرگانە پەیوەندیدارەکان.

## مادەی 11. کۆمیتەی ناوەندی

1. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن و بەرزترین ئۆرگانی بەرپرسیار دەبێ لە مەودای نێوان دوو کۆنگرەدا.
2. کەسانێک دەتوانن لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندیدا بەشداری بکەن کە ماوەی شەش مانگ بە سەر ئەندامیەتی ئەواندا تێپەری بێت.
3. ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی 9 کەس و 2 جێگر دەبێ کە لە لایەن کۆنگرەوە بۆ ماوەی 1 ساڵ هەڵدەبژێردرێن.
4. کۆمیتەی ناوەندی 4 چوار مانگ جارێک کۆدەبێتەوە. کۆبوونەوەی نائاسایی لە سەر داوای 2/3 ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی دەبەسترێ.
5. بەرپرسی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندی لە لایەن کۆمیتەکە خۆییەوە هەڵدەبژێردرێت.
6. هەر ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی مافی 1 دەنگی هەیە.
7. بریارەکانی کۆمیتەی ناوەندی دوای بە ئەنجام گەیشتنی 2/3 ئەندامان جێبەجێ دەبێ.
8. خەرجی کۆمیتەی ناوەندی لە ڕێگای بووجەی ڕێکخراوەوە دابین دەبێ.

## مادەی 12. ئەرك و دەسەڵاتەكانی كۆمیتەی ناوەندی

1. چاودێری بە سەر پراكتیزە كردنی بڕیار و سیاسەتەكانی كۆنگرە، دیاریكردنی ڕێوشوێن و ئیستراتیژیكی گونجاو بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئامانجەكانی ڕێكخراو.
2. هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری و دیاریكردنی پۆستەكان و ڕێژەیان پێویستەكان.
3. دیاری كردنی ماوەی زەمانی بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری.
4. دامەزراندنی ناوەندە پێویستەكان بە لە بەرچاوگرتنی ئوسوول و ڕێوشوێنی تەشكیلاتی.
5. پێكهێنانی نوێنەرایەتی لە وولات و شارە جۆراوجۆراەكان بە پێ پێویست.
6. ئامادە و دابین كردنی دەستوور و ئایینامەكانی نێوخۆی و بەڕێوەبەری.
7. هێنانە گۆڕی پێشنیار، خۆشكردنی ڕێگای لەبار بە مەبەستی گۆرانكاری پێویست لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیدا.
8. تاوتوویی كردنی پێشنیاری وەرگرتنەوەی ئەندامیەتی ئەندامان لە لایەن دەستەی بەڕێوەبەرییەوە.

## مادەی 13. دەستەی بەڕێوەبەری

1. بەرزترین ئۆرگانی ڕێبەری ڕێكخراوەكە دەبێ لە ماوەی دوو كۆبوونەوەی كۆمیتەی ناوەندیدا.
2. دەستەی بەڕێوەبەری هەر 2 مانگ جارێك كۆبوونەوە دەكات.

## مادەی 14. ئەرك و دەسەڵاتەكانی دەستەی بەڕێوەبەری

1. دەستەی بەڕێوەبەری بەرپرسی بەرەوپێشبردن و پراكتیزە كردنی گشتی پەسەندكراوەكان دەبێت.
2. هەڵبژاردنی وتەبێژ و پۆستەكانی دیكەی دەستەی بەڕێوەبەری لە بەین خۆدا.
3. پێشكەش كردنی ڕاپۆرتی كاروچالاكی بە كۆمیتەی ناوەندی.
4. ڕێكووپێك كردنی بووجە و پەیدا كردنی ڕێگای دابین كردنی و دانی ڕاپۆرت بە كۆمیتەی ناوەندی.
5. بەرپرسی پەیوەندییەكان لە گەڵ ڕێكخراو و كەسایەتییە سەربەخۆەكان.
6. دەركردنی بەیاننامە و ڕاگەیاندراوەكانی ڕێكخراو.
7. چاودێری كردنی كاری كۆمیتەكان و كۆمیسیونەكان.
8. خوێندنەوە و تاوتوویی كردنی دەرفەتی هاوكاری و ڕاكێشانی پشتیوانی نیشتمانی و نێودەوڵەتی لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی ئامانجەكانی ڕێكخراو.
9. پێڕاگەیشتن بە سكاڵا و ڕەخنەكانی ئەندامان.

## مادەی 15. یەكەكانی وولات و شاری

1. ئەندامان بۆیان هەیە لە وولات یان شارستانی شوێنی نیشتەجێ بوونیان، یەكەێ پێویست لە ژێر چاودێری ڕێكخراوی دایكی بەڕێوە بەرن.
2. بەرپرسی هەر یەكەیەك لە ڕێگای هەڵبژاردنی ناوچەیی و لە ژێر چاودێری دەستەی بەڕێوەبەرییدا هەڵدەبژێردرێن.
3. بەرپرسانی هەڵبژێردراو بە هاوكاری و لە ژێر چاودێری دەستەی بەڕێوەبەرییدا ئەركەكانی خۆیان جێبەجێ دەكەن.

## مادەی 16. بواری ماڵی

1. پێویستیە دارایییەكان لە ڕێگای حەقی ئەندامیەتی ئەندامان و یارمەتی دامەزراوە مرۆڤیەكانەوە دابین دەكرێت.
2. بەرپرسی بەشی ماڵی پاش ئامادە و تەنزیمكردنی ڕاپۆرتی دارایی، دەیخاتە بەر دەستی كۆمیتەی ناوەندی و كۆبونەوەی ساڵانە لە كۆنگرەدا.

## مادەی 17. دەستەی چاودێری لە بواری ماڵی

1. دەستەی چاودێری لە 3 کەس پێک دێت و لە لایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن.
2. ئەندامانی دەستەی چاوەدێری نابێ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی یان دەستەی بەڕێوەبەری بن.
3. دەستەی چاودێری کۆنترولی بەردەوامی بە سەر بەشی ماڵیدا هەیە.
4. دەستەی چاودێری ئەنجامی کارەکانی خۆی بە دەستەی بەڕێوەبەری، کۆمیتەی ناوەندی و لەکاتی پێویستدا بە کۆبونەوەی ساڵانە یان کۆنگرە پێشکەش دەکات.

## مادەی 18. هەڵوەشاندنەوەی ڕیکخراو

1. هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو لە سەر ڕێکەوتنی 2/3 ئەندامان جێبەجێ دەکرێت و هەر ئەو کۆمەڵە لە پێوەندی لە گەڵ بەشی ماڵی و دارایی ڕێکخریاگەکە بڕیاری پێویست دەردەکات.

## مادەی 19. هەڵبژاردنی درووشمی ڕێکخراو

1. "ئازادی، یەکسانی، ئارمانی یارسانی" دەبێتە درووشمی ناسراوی بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان.

## مادەی 20. پەسەند و بەڕێوە بردن

1. بزووتنەوەی دیمۆکراتیکی یارسان (جدی) لە ڕێکەوتی 11.03.2007 لە کاتی بەستنی کۆنگرەی سەراسەریدا لە ئۆسلو، ووڵاتی نوروژ دامەزراو، بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی لە هەمان کۆبوونەوەدا، پەسەند کرا و ناوەڕووکەکەی ئامادە کرا بۆ بەڕێوە بردنی.